# ڕێگایەک بەناو دەریاکە

دەرچوون ١٣ – ١٥

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە بەندایەتییان بە کوشتنی هەموو نۆبەرەکانی میسرییەکان. بەڵام، نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیلی لە مردن ڕزگار کرد لەبەر خوێنی بەرخەکان، کەوا چوارچێوەی دەرگای ماڵەکانیان پێ سوور کردبوو. لەبەر ئەوەی خودا خۆی فەرمووی، (خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تیایدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم) (دەرچوون ١٢: ١٣)

بۆیە لەو شەوەدا، هەموو خێڵەکانی ئیسرائیل دەرچوون لە میسر. ئەو شەوی (تێپەڕبوون) شەوێکی خۆشی وشادی بوو بۆ ئەوان. بیری لێ بکەوە! بۆ سەدان و سەدان ساڵ خەڵکی میسر بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و دەیانچەوساندنەوە بە ئیشی قورس تا ئەو خاڵە کە هیچ خۆشییێك لە ژیانیان نەمابوو. بەڵام ئێستا... ئێستا ئازادن! لەو شەوی تێپەڕبوونەدا، پەروەردگار خودا ڕزگاریانی کرد! زنجیری کۆیلایەتییان شکا! وە ئێستاش خودا بەڵێنی پێیان داوە ڕێنماییان بکات لەناو دەشت و کێودا بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی کەنعان، ئەو خاکەی وەك خۆتان دەزانن، خودا سوێندی خواردبوو زۆر لەوە پێش کە بیدات بە نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. کەنعان ئەو خاکە بوو کە یاقوب و کوڕەکانی لێی ژیان پێش ئەوەی بار بکەن بۆ میسر بۆ ئەوەی لەگەڵ یوسف بژین. ئەمڕۆ ئەو خاکە ناوی فەلەستینە یاخود ئیسرائیل.

بۆ ئەمڕۆش ئەو چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەمان لەبەر دەستە کە چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە سوپاکانی فیرعەون. زۆربەی خوێندنەوەی ئەمڕۆمان لە بەشی چواردەهەم لە سیپارەی دەرچوون دەبێت. گوێ بگرە لە چیرۆکەکە کە پێغەمبەر موسا لە تەوارت تۆماری کردووە: (دەرچوون ١٢) [٣٧] نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان کرد بەرەو سوکۆت، نزیکەی شەش سەد هەزار پیادەی پیاو بێجگە لە ئافرەت و منداڵ. [٣٨] هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵیان سەر کەوت لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی زۆریشدا، مەڕوماڵات و گا و گۆتاڵ. (دەرچوون ١٣) [١٩] موساش ئێسکەکانی یوسفی لەگەڵ خۆی برد، چونکە یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دابوو و وتبووی، (بێ گومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم لەگەڵ خۆتان بەرەوژوور بکەنەوە...)
[٢١] خوداوەندیش لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا ڕێبەری دەکردن لە ڕێگادا و بە شەویش لە ستونێکی ئاگردا تا ڕووناکییان بۆ ببێت، تا بە ڕۆژ و بە شەو بڕۆن. [٢٢] ستوونە هەورەکە بە ڕۆژ و ستوونە ئاگرەکە بە شەو لە بەردەم گەلدا لا نەدەچوون.
(دەرچوون ١٤) [١] خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [٢] (بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، (با بگەڕێنەوە... چادر هەڵبدەن لە نێوان (مگدۆل) و دەریا... [٣] جا فیرعەون دەربارەی نەوەی ئیسرائیل دەڵێت، (سەرلێشێواون لە خاکەکە، و چۆڵەوانی داخراوە لەسەریان.)
[٤] دڵی فیرعەونیش ڕەق دەکەم تا بە دوایان بکەوێت، جا شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی، میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم،) ئیتر وایان کرد.
[٥] کاتێک بە پاشای میسر ڕاگەیەندرا کە گەلەکە لە دەستی هەڵاتن، دڵی فیرعەون و خزمەتکارانی سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل گۆڕا، وتیان (ئەمە چی بوو کردمان، کە ڕێمان دا بە ئیسرائیل بڕۆن لە خزمەتکردنمان.) [٦] ئیتر گالیسکەکەی پێ ئامادە کردن و سوپاکەیشی لەگەڵ خۆی برد، [٧] شەش سەد گالیسکەی هەڵبژێردراو و هەموو گالیسکەکانی میسر و هەموو ئەفسەرە سواربووەکانیانی برد.
[٩] جا میسرییەکان دوایان کەوتن. هەموو ئەسپ و گالیسکەکانی فیرعەون و سوارەکانی و سوپایەکەی دوایان کەوتن و پێیان گەیشتن، کاتێک لەلای دەریا چادریان هەڵدابوو، لەلای پی هەحیرۆت بەرامبەر بەعل چیفۆن. [١٠] کاتێک فیرعەون نزیک بووەوە، نەوەی ئیسرائیل چاویان هەڵبڕی و بینیان میسرییەکان بەدوایانەوەن، جا زۆر ترسان و نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ خوداوەند کرد. [١١] بە موسایان وت: (ئایا لەبەر ئەوەی لە میسر گۆڕ نییە بۆ مردن وا ئێمەت هێنا بۆ چۆڵەوانی؟ ئەمە چی بوو پێت کردین تا وامان لێ

بکەیت لە میسر دەربچین؟ ١٢ ئەمە ئەو قسەیە نییە کە لە میسر پێمان وتی، (لێمان گەڕێ با خزمەتی میسرییەکان بکەین،) چونکە بۆ ئێمە باشترە خزمەتی میسرییەکان بکەین وەک لەوەی لە چۆڵەوانی بمرین؟)

ئەوە گەلی ئیسرائیل چی دەڵێن؟ بۆچی متمانەیان بە خودا نیە؟ ئایا ئەو خودایە کە لە بەندایەتی ڕزگاریانی کرد ناتوانێ دووبارە ڕزگاریان بکات لە سوپای فیرعەون؟ بێ گومان دەتوانێ! بەڵام گەلی ئیسرائیل بیریان لەوە نەکردەوە لەبەر ئەوەی زۆر دەترسان. دەریا لە پێشیان و چیا لە دەستە ڕاستیان و دەستە چەپیان بوو، وە لە پشتیان سەربازەکانی فیرعەون بەرەو پێش دەهاتن بۆ گرتنیان و کوشتنیان! چی بکەن؟ دەتوانن چی بکەن؟ چۆن ڕزگاریان دەبێت؟ با بزانین موسا چی ووت و ببینین خودا چی کرد.

(دەرچوون ١٤) ١٣ موساش بە گەلی وت: (مەترسن، چەسپاو بن و بڕواننە رزگاری خوداوەند کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات، چونکە وەک ئەوەی ئەمڕۆ میسرییەکانتان بینی، ئیتر نایانبیننەوە تاهەتایە. ١٤ خوداوەند بۆتان دەجەنگێت و ئێوەش بێدەنگ دەبن.)
١٥ خوداوەند بە موسای فەرموو: (چییە هاوارم بۆ دەکەیت؟ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با کۆچ بکەن. ١٦ تۆش گۆچانەکەت بەرز بکەوە و دەستت بۆسەر دەریاکە درێژ بکە و لێکی بکەوە، ئیتر نەوەی ئیسرائیل دەچنە ناو دەریاکە لەسەر وشکایی. ١٧ ئەوەتا منیش دڵی میسرییەکان ڕەق دەکەم، ئەوانیش بە دوایاندا دێن، منیش شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی و گالیسکە و سوارەکانی. ١٨ میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم... ١٩ ئینجا فریشتەکەی خودا کە لە پێش لەشکری ئیسرائیلییەکانەوە دەڕۆیشت شوێنەکەی گواستەوە و لە دوایانەوە ڕۆیشت، ستوونە هەورەکەش لە پێشیانەوە گواستیەوە و لە دواوەیان وەستا. ٢٠ هاتە نێوان لەشکری میسرییەکان و لەشکری ئیسرائیلییەکان ئیتر هەورەکە بە درێژایی شەو تاریکی بۆ لایەک هێنا و ڕووناکی بۆ لایەکی تر. بۆیە بە درێژایی شەو هیچیان نزیکی یەکتر نەبوونەوە.
٢١ موساش دەستی بۆسەر دەریاکە درێژ کرد و خوداوەند بە درێژایی شەو بە بایەکی ڕۆژهەڵاتی توند دەریاکەی ڕاماڵی، دەریاکەی کرد بە زەوی وشک و ئاوەکان لێک جیا بوونەوە. ٢٢ ئیتر نەوەی ئیسرائیل هاتنە ناو دەریاکە بۆسەر وشکایی و ئاو بوو بە دیوار بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە. ٢٣ میسرییەکانیش دوایان کەوتن، هەموو ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی بەدوایانەوە هاتنە ناوەندی دەریاکە. ٢٤ ئەوە بوو لە چاوەڕوانی بەرەبەیاندا، خوداوەند لە ستوونی ئاگر و هەورەوە بەرەوخوار تەماشای لەشکری میسرییەکانی کرد و لەشکری میسرییەکانی بێزار کرد. ٢٥ چەرخەی گالیسکەکانیانی لێک ترازاند و بە قورسیەوە لێیان خوڕی، میسرییەکان وتیان، (با لە بەردەم ئیسرائیل هەڵبێین، چونکە خوداوەند بۆیان دەجەنگێت دژ بە میسرییەکان.) ٢٦ خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەستت بۆسەر دەریا درێژ بکە و ئاوەکە بۆسەر میسرییەکان و گالیسکە و سوارەکان دەگەڕێتەوە.) ٢٧ موساش دەستی بۆسەر دەریاکە درێژ کرد و دەمەو بەیان دەریاکە گەڕایەوە باری جاران، میسرییەکانیش لێی هەڵدەهاتن، خوداوەند میسرییەکانی داتەکاندە ناو دەریاکە. ٢٨ ئیتر ئاوەکە گەڕایەوە بەسەر گالیسکە و سوارەکانی و هەموو سوپاکەی فیرعەون و داپۆشین. ئەوانەی بەدوایاندا هاتبوونە ناو دەریاکەوە، کەسیان لێ نەما. ٢٩ نەوەی ئیسرائیلیش بەسەر وشکاییدا ڕۆیشتن بەناو دەریاکە و ئاویش دیوار بوو بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە. ٣٠ خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئیسرائیلی لە دەست میسرییەکان رزگار کرد، ئیسرائیلیش میسرییەکانیان بینی لە کەناری دەریاکە مردوون. ٣١ ئیسرائیل ئەو دەستە مەزنەی بینی کە خوداوەند دژ بە میسرییەکان بەکاری هێنا، ئیتر گەل لە خوداوەند ترسان و باوەڕیان بە خوداوەند و بە موسای خزمەتکاری هێنا.

پاشان موسا و گەلی ئیسرائیل ئەم گۆرانییەیان بۆ پەروەردگار وت: (گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم، چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت...
٢ هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە رزگاری بۆم) (دەرچوون ١٥: ١، ٢) بۆیە، دەستیان بە گۆرانی وتن کرد، و سوپاسی خودایان کرد بۆ ڕزگار بوونە مەزنەکە کەوا بۆیانی جێ بەجێ کرد. مەریەم، خوشکی هارون و موسا، دەستی دایە دەف و هەموو ژنەکان وەك ئەویان کرد، دەستیان بە دەف لێدان کرد و گۆرانییان وتن و سەما کردن. مریم گۆرانییەکی دەست پێ کرد و وتی، (گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێ، چونکە شکۆمەندانە سەر کەوت، ئەسپ و سوارەکانی فڕێ دایە ناو دەریا.) (دەرچوون ١٥: ٢١)

ئەوە چیرۆکە ڕاستی و سەرسوڕهێنەرەکەیە کە چۆن خودا ڕێگایەکی لە ناو دەریا کردەوە بۆ گەلی ئیسرائیل. باشە، چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بە پرسیارێکی ئاسان. ئەمەش پرسیارەکەیە: کێ دەیتوانێ گەلی ئیسرائیل لە سوپای فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟ بینیمان چۆن دەریا لە پێشیان بوو. چیاکانیش لە دەستە چەپ و ڕاستیان بوو. وا سوپای فیرعەونیش لە پشتیان. ئایا گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟ ئایا دەیانتوانێ دەریاکە ووشك بکەن؟ یاخود چیاکان تەخت بکەن؟ یاخود با بڵێین بجەنگن لەگەڵ سوپای فیرعەون؟ نەخێر، نەیاندەتوانی! ئەی باشە، کێ ڕزگاریان دەکات؟ تەنها خودا! تەنها پەروەردگار خودا ڕزگاریان دەکات. بۆیە موسا پێیانی ووت، **(مەترسن، چەسپاو بن و بڕواننە ڕزگاری خوداوەند کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات.)** تەنها خودا دەیتوانی ڕزگاریان بکات! وە هەر ئەو ڕزگاریانی کرد. بۆیە، لە پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو دیوی دەریاکە، دەستیان بە گۆرانی کرد و وتیان، **(هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە ڕزگاری بۆم.)**

خودا بۆخۆی بووە ڕزگاری دەریان. هیچ شتێك نەبوو کە گەلی ئیسرائیل بیکەن بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن لەدەستی سوپای فیرعەون، تەنها بە شوێن کەوتنی ئەو ڕێگایەی کە خودا بۆیانی کردەوە لەناوەڕاستی دەریاکە نەبێ، وە پاشان سوپاس و پەرستنی بکەن بۆ ڕزگار کردنیان لە مردنێکی بێ گوومان!

خودا دەیەوێ هەموو کەس بزانێت کە هەموو نەوەکانی ئادەم وەك گەلی ئیسرائیلن. وەك ئەوان، هیچ هیوایەکمان نیە لە مەرگساتەکە ڕزگارمان بێت کە بەم زووانە بەسەرماندا دێت مەگەر خودا خۆی ڕزگارمان نەکات! ڕەنگە دەریا لە پێشمان نەبێت، بەڵام مردن و ئاگری دۆزەخ چاوەڕوامانە. ڕەنگە چیاکان لەملاولەولامان نەبێت، بەڵام پیرۆزی خودا چوار دەورمانی گرتووە و ئیدانەمان دەکات. فیرعەون و سوپاکەی لە پشتمان نیە، بەڵام شەیتان و گوناهەکانمان لەسەر سەرمانە و هەڕەشەی لەناوچوونی تاهەتاییمان لێ دەکات!

کێ دەتوانێ نەوەکانی ئادەم لە دادوەری خودای ڕاستودرووست ڕزگار بکات؟ کێ دەتوانێ گوناهباران لەو ئاگرە ڕزگار بکات کە هەرکیز ناکوژێتەوە؟ کێ دەتوانێ مرۆڤ لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات؟ کێ دەتوانێ ڕزگارمان بکات لەم هەموو شتە؟ کێ دەتوانێ بمان پەڕێنێتەوە ئەو دیوی دەریای گوناه و بمانباتە ئەو شوێنە پیرۆزەی کە پێی دەڵێن بەهەشت؟ تەنها خودا! تەنها خودا دەتوانێ ڕزگارمان بکات! مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی نیە خۆی ڕزگار بکات یاخود کەسێکی تر ڕزگار بکات. ئەمە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێن: **چونکە بە نیعمەتی خودا ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، لە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات.** (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩)


خودا، کە مەزنە لە بەزەیی، ڕێگایەکی ڕزگاربوونی بۆ هەموو نەوەکای ئادەم کردۆتەوە، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە هێزی شەیتان و گوناه و ئاگر. خودا دەیەوێ قوتارمان بێت لە دادوەری ئەو ئاگرە هاروهاجەی کە چاوەڕێی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە لەناو گوناهەکانیاندا دەمرن، بەڵام دەبێت لە ڕێگای ڕزگاری بوون بێینە ژوورەوە کە ئەو بۆمانی کردۆتەوە! ئەو ڕێگای ڕزگاربوونە دەناسێ کە خودا بۆتی کردۆتەوە تاکو لە هێزی شەیتان و ئەنجامە ترسناکەکانی گوناه و سزادان لە ئاگر قوتارت بێت؟ ئایا تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستودرووست دەڕۆی کە خودا دایمەزراندووە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی لە حزورە پیرۆزەکەی ئەودا بەرەکەت بکرێیت تاهەتا؟

ڕێگای ڕزگاربوون کە خودا کردوویەتیەوە بۆ نەوەکانی ئادەم لەسەر بنەمای کردەوەی باش نیە کە مرۆڤ دەتوانێ بیکات، ونە لەسەر بنەمای شوێن کەوتنی پێداویستییەکانی ئایینێکە. خودا دەفەرموێ، **(لەکردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات.)** ئەی ڕێگای ڕزگاربوون کە خودا بۆمانی دامەزراندووە چۆنە؟ ئەوە ڕێگای ڕزگاری دەرەکەیە، ئەوەی کە لە ئاسمانەوە هات بۆ ئەوەی بمرێت لەباتی گوناهەکانمان و دووبارە هەڵسێتەوە — بۆ ئازاد کردنی هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن — ئەوانەی وەك کۆیلەن لە ئێمە لەبەر هێزی گوناه و ترسی مردن. نووسراوە پیرۆزەکان سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە پیرۆزە دەفەرموێ: **بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەووەوە پێویست بکات ڕزگار بین.** (کرداری نێردراوان ٤: ١٢)

بەڵێ، خودا ڕێگایەکی بۆ تۆ کردۆتەوە لەناوەڕاستی (دەریای گوناه) بۆ ئەوەی بتوانی قوتارت بێت لە سزای گوناه و بپەڕییەوە ئەوبەر – بۆ ناو حزوری بێ ترس و پیرۆزی خودا. بەڵام دەبێت لەو ڕێگایەدا بپەڕییەوە کە خودا بۆتی کردۆتەوە. سەبارەت بەم ڕێگای ڕزگاربوونە، ڕزگاری دەرەکە دەفەرموێ، (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوکەکە بەهۆی منەوە نەبێت... ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.) (یۆحەنا ١٤: ٦، ٥: ٢٤) ئایا تۆ لە مردنەوە بۆ ژیان گواسترایتەوە؟

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لە ووشەی موسا بۆ گەلی ئیسرائیل دەکەنەوە،

(مەترسن، چەسپاو بن و بڕواننە ڕزگاری خوداوەند کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات.) (دەرچوون ١٤: ١٣)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئەوە گەلی ئیسرائیل چی دەڵێن؟ بۆچی متمانەیان بە خودا نیە؟ ئایا ئەو خودایە کە لە بەندایەتی ڕزگاریانی کرد ناتوانێ دووبارە ڕزگاریان بکات لە سوپای فیرعەون؟
٢. چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین؟
٣. کێ دەیتوانێ گەلی ئیسرائیل لە سوپای فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟
٤. ئایا گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟ ئایا دەیانتوانێ دەریاکە ووشك بکەن؟ یاخود چیاکان تەخت بکەن؟ یاخود با بڵێین بجەنگن لەگەڵ سوپای فیرعەون؟
٥. کێ ڕزگاریان دەکات؟
٦. کێ دەتوانێ نەوەکانی ئادەم لە دادوەری خودای ڕاستودرووست ڕزگار بکات؟ کێ دەتوانێ گوناهباران لەو ئاگرە ڕزگار بکات کە هەرکیز ناکوژێتەوە؟ کێ دەتوانێ مرۆڤ لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات؟ کێ دەتوانێ ڕزگارمان بکات لەم هەموو شتە؟
٧. کێ دەتوانێ بمان پەڕێنێتەوە ئەو دیوی دەریای گوناه و بمانباتە ئەو شوێنە پیرۆزەی کە پێی دەڵێن بەهەشت؟

٨. ئەو ڕێگای ڕزگاربوونە دەناسیٚ کە خودا بۆتی کردۆتەوە تاکو لە هێزی شەیتان و ئەنجامە ترسناکەکانی گوناە و سزادان لە ئاگر قوتارت بێت؟

٩. ئایا تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستودرووست دەڕۆی کە خودا دایمەزراندووە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی لە حزورە پیرۆزەکەی ئەودا بەرەکەت بکرێیت تاهەتا؟

١٠. ئەی ڕێگای ڕزگاربوون کە خودا بۆمانی دامەزراندووە چۆنە؟

## ڕێگای ڕاست و دروستی:
## وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org